# تکایە مەوەستن هەڵەبجە وانالّێ؟

ئاسۆعەبدوللەتیف

ڕەنگە تا ئەم ساتەوەختەش کە ئەوەتاین لە بەردەم ڕووداوێکی گەورەی وەکو سوتاندنی مینۆمێنتی هەڵەبجە بە دەستی گەنجە خوێنگەرمەکانی دژبەدەسەلاّت لە هەڵەبجە،دەسەلاّت جگە لە ئیجرائاتی گرتن و خستنەوەی فەزای قەمع نەیتوانیبێ خوێندنەوەیەکی تازەمان بداتێ کە سیستمێکی دیموکراسی بیخوازێ نەك خوێندنەوەی تەئاموریانەی تەقلیدی.

لە ڕاستیدا کاری حکومەتی دیموکرات و مەدەنی ئەوەنییە کە هەڕەشە بکات و دەنگ بەرزکاتەوە بەڵکو ئیشی ئەوەیە کە کۆی هەرەشەو توورەبوونەکان کەمکاتەوە، دیارە بەبێ قسەکردن لە سەر شوناس و ئازادیەکانی گەنج هەڵەیەکی گەورەیە کە باس لە قەیران و کێشەکانی گەنج بکەین و بزانین گەنج بۆ ئەوەندە تورەیەو دەست ئەبات بۆ سوتاندن و خۆ ڕووتکردنەوەو سڕینەوەی کالّچەروسومبولی خۆی ئەمە ئەگەر سومبولمان هەبێ!؟ گەنج ئازادی ناوێت ئەگەر لە پەنایدا بەرەڵلایی خۆ دەوڵەمەندکردن و کەش و فشی کورە پەرپرسەکەی پاڵی ببینێ و بە چرووتێکی کوباییەوە شۆڕش بفرۆشێ کە ئەوە سادەترین فەسادە، گەنج شوناسێکی ئەوێت بەبەرانبەرەکەی بڵێ تۆ بۆ هەتەو من بۆ نیمە ئەی بەچکە شۆرشگێڕ! من بۆ بەتەکسی دێم بۆ زانکۆ ئەی تۆ بۆ هەر ڕۆژەی مۆدێلێك لە سەیارە ئەگۆری؟ ئەی تۆ خانم بۆچی وەکو من نایەیتە ریزەوە بۆ وەرگرتنی غاز و سوتەمەنی، بۆ ناڵێیت منیش بە شاخەوە بووم و ئەشکەوتەکان تادوێنێ مەتبەخم بوو؟ بەردەوام باس لە پڕۆژەی مەشتەل و زەراعەت و پیازو کەرەوزو گەنم و ئاو ئەکرێت لە هەڵەبجە، ئافەرین شاری سومبول، بۆ شارەکانی تریش زانکۆی گەورەو کارگەی مەڕمەڕوکاشی و یاریگاو هۆڵی تاتان، وەك ئەوەی تەنها لە هەڵەبجە ئەرزی زراعی هەبێت، بەو حاڵەشەوە مەعمەلۆکەیەکی تەماتەشی تیا نییە، گەنجان کە بەردەوام لەلایەن دەسەلاّتی سیاسی و کۆمەلاّیەتی و سیستمی تەقلیدی خێڵ و کۆتی باوکەوە چەوسێنراوەتەوەو ماڤی قسەکردن و بەرگریکردنی لێسەنراوەتەوە و هەمیشە لە پەراوێزی ڕووداوەکانەوە بووە، بەردەوام کۆیلەی دەسەلاّتەکانی سەروو خۆشی بووەو قوربانی سەرەکیش بووە، سەرجەم شۆرشەکان گەنجەکان تیایدا بوونەتە قوربانی و سوتەمەنی و دواجاریش هیچ قەرەبوویەکی ڕۆحی و مەعنەوی بۆ نەکراوەو لەلایەن نەوەی پێش خۆیەوە سەرکوت کراوەو شوناس و ئازادیەکانی دووبارە زەوت کراوەتەوە، کاتێ دەسەلاّت لە سەر سوتاندنی مینۆمێنتی هەڵەبجە فەزایەکی میدیایی خراپ ئەخوڵقێنێ و وا پیشان ئەدات کە گەنجەکان تەفرە دراون و چوونەتە داوێکی موخابەراتیەوە و بچوکترین متمانە ناهێڵێتەوە بۆ خۆی ئایا لە خۆی پرسیوە ئەم پرۆسەی بەدگومانکردنەی گەنجان چەند ساڵی دیکەی دەوێ تا ئەم لە گێجەنە دەرچوونە بگەڕێنێتەوە سەر دۆخی ئاسایی خۆی؟ ئەو هەموو گەنجە کرانە تاوانبارو گیران و بەر سوکایەتی کەوتن و دواجار ئازاد بوون دەستە ڕەشەکە دۆزرایەوە؟ تاوانبار کێ بوو حەز ئەکەین بزانین تا ڕووداوەکە گوزەر نەکات بە سەرماندا، ئەو نوسەرانەی کە تەنها بۆ دڵخۆشکردنی دەسەلاّت و دەستخۆشانەیەك ئامادەن گەنجی هەڵەبجەیی بکەن بە نەزان و وەحشی و ئاژاوە گێڕ، دەبا بەرائەتنامەیەکیشیان بۆ بنوسن؟ دڵنیاین گەنجی هەڵەبجە گەر بچوکترین سازشی بکردایە بۆ روفاهیەت و گەر بە سفرەی موخابەراتیش رازی بوونایە لە 20 ساڵی رابردوودا ئەوا بچوکترین پزیسك و مۆڕەی هیچ دەسەلاّتێکی تۆقێنەری بەرنەئەکەوت بە بەعس و ئێران و بەتەقەکانی دەسەلاّتی خۆماڵیشەوە کە لە خۆپیشاندەرانیان کرد، لە هەڵەبجەدا هیچ دەسەلاّت و حیزبێ بە یەکێتی و پارتی و ئیسلامیشەوە نەیتوانیوە رێژەی رەهای گەنجان بۆ خۆی راکێشێ و بیانکات بە هوتافکێشی موتڵەق و کوێرو سەرنەوی، ئەمە ئەسڵی کێشەکەیە، کەواتە کێشەی سەرەکی کێشەی بەدەستهێنانی زۆرینەیە تا زۆرترین خزمەتگوزاریش بیانگاتێ!!

ئێستا چەند هەوڵێك خراوەتە گەر بۆ ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجە وەك هەوڵی حکومەت بۆ دروستکردنی کۆنفرانسی ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجە، وەك ئەوەی حکومەت نەزانێ هەڵەبجە چەند وێرانە، لەگەڵ هەوڵی دروستکردنی ئەنجومەنی ئاوەدانکردنەوە لە هەڵەبجەییەکانی سلێمانی کە ئەم ناونانە بۆ خۆی گەورەترین کێشەیەو نەدەبوو ڕوویدات، لەگەڵ ئەوەی کە یەکەم کۆبوونەوەی ئەم ئەنجومەنە بەداخەوە زۆر بەداخەوە لەگەڵ ئەوەی نەبراوەتە هەڵەبجە براوەتە هۆڵی تەعزێخانەیەك لە مزگەوتی سەلیم بەگ وەك ئەوەی جاڕی مەرگی پرۆژەکەیان بدەن و هەر لە ئێستاوە پرسەگێڕی بن، باشە لە سلێمانی هۆڵی فەرهەنگی و هونەری و ڕۆشنبیریی نەبوو جگە لە هۆڵی پرسە نەبێ،تا هیچ نەبێ سەرجەم کەناڵەکان لەوێ بوونایەو بیانکردایەتە مانشێت و هەواڵ؟ بەهەر حاڵ کێشەی هەڵەبجە هەر وابووە بەلاّم بابزانین ئایا ئێمە داوا لە

**کیٚ بکەین؟ یان کار بەداواکردنەوە ماوە ئایا کەس هەیە ئەو واقیعە تاڵەی هەڵەبجە نەزانیٚ؟ داواکاری و ئەنجومەن و کۆنفرانس بۆ شارو سەرزەمینێکە کە دەسەڵات ئاگاداری نەبیٚ نەك ئاگاداری بیٚ و بشزانیٚ سومبولەکەی بۆ سووتا و چەند کاولیشە، ئینجا ئایا شارەکانی دیکە بۆچی ئەم ئەنجومەن و کۆنفرانسانەشی ناوێت و بە قودرەتی قادریش ئاوەدان ئەکرێنەوە؟! لە ساڵی 1991دا ئەنجومەنی ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجە درووست بوو هیچی پێنەکرا ئێستا تازە بەتازە 15 ساڵ بگەرێینەوە بۆ دواوە؟ لەپاشان حکومەتێك کە خۆی پێویستی بە داواکاری هەیەو تا سەر ئێسك غەرقی کێشەکانی خۆیەتی و هەرگیز ناتوانیٚ ببێتە مەحرەمی داواکاریەکان، حکومەتی کوردی خۆی ئێستا لە قەیراندا ئەژی و مەستی دابەشکردنەکانی پۆستە باڵاو بە ئیمتیازەکانەو خەریکی خۆرێکخستنە بۆیەکگرتنێکی کۆمیدی، ئیدیچۆن داواکاری شارێکی وێران گوێی لیٚ ئەگیرێت و بەدەمیەوە دێن، ئاخر لەوە قەیرانتر ئەبیٚ چی بێت بۆ ئەوەی کە شت نەکریٚ لەوە زیاتر بۆ هەڵەبجە وەك ئەوەی کە زۆرکرابیٚ پرۆژەکانی تری ناوچەکانی کوردستان را بگیرێت و ئەوەندەی دیکە خەڵك و گەنج تووڕەتر بکەن و ڕقی شارەکانی تریش بپارێنن بەسەر هەڵەبجەدا گوایە ئەوە کێشەی هەڵەبجەیە پرۆژەکانی شارەکانی تری راگرتووە کە ئەم نەزعەیەش خەتەرێکی گەورە دەبێت بۆ کەسایەتی هەڵەبجە لە سەر شارەکانی دیکەو بەم کارە حکومەت گللەییەکانی سەر شانی خۆی هەم کەم ئەکاتەوە هەم ئەیخاتە سەر شانی هەڵەبجەییەکان و حکومەتیش زۆر لەوە دەوڵەمەند ترە کە پرۆژەی شوێنان رابگریٚ و تەقەشوف بکات لەبەر خاتری هەڵەبجەو هەڵەبجەش هەر وەك خۆی بیٚ؟! بەداخەوە ئەم کارانە دەبیٚ بە پلان بکریٚ و هەڵەبجە نابێتە رێگریی و ئاستەنگ بۆ ئاوەدانی هیچ شارێکی دیکەو بگرە ئاوەدانی هەر شاریٚ وەك کۆیە بە نمونە بۆ هەڵەبجە مایەی شانازییە و گرنگ ئەوەیە لە چوارچێوەی کوردستاندایە، بەڵکو هەڵەبجە کێشەی پلانی هەیەو ئێمە پلاندانەرمان نییەو دەبا ئیعتیراف بکەین** (الأعتراف بالخطأ فضيلة)